# شەش حیزبی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان لە مێزگردێکدا کۆدەبنەوە

**ئامادەکردنی:**

**کاوان عومەر سەلامی**


دیمەنێک لە مێزگردەکە — فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

رۆژنامەی ئاسۆ رۆژی سێشەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/١/٢٩ لە ئوتێل سلێمانی پالاس مێزگردیکی بۆ حزبە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژهەلات لە ژێر ناوی (کۆکردنەوەی دەنگە ناکۆکەکان) ساز کرد کەتییدا ٦ لایەنی سیاسی کوردستانی رۆژهەلات (حەسەن رەحمان پەنا ئەندامی کۆمیتەی رێبەری کۆمەلە، کەمال کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان، رەزا کەعبی ئەندامی کۆمیتەی رێبەری کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران(رەوتی ریفۆرم)، عوسمان جەعفەری سکرتێری یەکێتی دیموکراتی کوردستان، بیهروز ئەردەلان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، شەماڵ پیران ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی ئازادی کوردستان) بەشدار بون.

لەو مێزگردەدا کە ٥ کاتژمێری خایاند، هۆکارەکانی دوو لەتبوونی حزبەکان، نەبوونی بەرەیەکی کوردستانی، دوورە پەرێزی و نا شەفافیەت لە نێوان حزبەکان و هەروەها چەندین تەوەری تر خرایە بەر باس و لێکۆلینەوە.

شایەنی باسە رۆژنامەی ئاسۆ بانگهێشتی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانی کردە بوو، بەلام ئەو دوو حزبە هەرچەندە پێشتر بەرەو پیری ئەو هەنگاوە هاتن بەلام، بەداخەوە بە هۆکاری نادیار لەو مێزگردەدا ئامادە نەبوون.

ئاسۆ: حزبەکانی کوردستانی رۆژهەلات لە چەند ساڵی رابردوودا بە بەردەوامی ئینشقاقیان تێدەکەوێت، ئایا ئەمە بەهۆی نەبوونی دیموکراسیە لە حزبەکاندا، یان لێک حاڵی نەبوونە؟

**کەمال کەریمی:** زۆر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم هەنگاوەتان چوونکە لانی کەم توانیمان بەم جۆرە پێکەوە دابنیشین، بەراستی ئارەزوم دەکرد هەرهەموومان بووینایە، و ئەو دۆستانەی کە نەیانتوانیوە بێن بە هەر هۆکارێک ئامادە بونایە، چوونکە لەوانەیە ئەمە بکرێت بە سەرەتایەک بۆ زۆر قسە و باسی تر لەسەر مەسەلە جۆراوجۆرەکان. وەک هەموان دەزانین بە جۆرێک نەکردنی قسەیک دەتوانیت بۆ سالەها گرفتێک بێلێتەوە و باسکردنیشی ببێتە کردنەوەی دەروازەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان.

له وەڵامی پرسیارەکەی جەنابتان دەبێت بڵێم بەداخەوە درێژ بوونەوەی خەباتی چەکداری و خەبات لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵانی خەڵک و هەروەها دووربوونی سەرکردایەتی لە کۆمەڵگا بۆتە گرفتێک کە تەنانەت نەشمانتوانیووە خۆشمان بخوێنینەوە.

دیارە بۆ ئینشقاقی حزبەکان بەداخەوە زۆر لە مێژە ئەم مەسەلەیە هەیە و ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەر بمانەوێت باسی لێوەبکەین، لەوانەیە لە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان لە ساڵی 58دا و لە دووای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئێران ئێمە یەکەم ئەزموونی جیابوونەوەمان کرد لە حزبی دیموکراتی کوردستاندا، بە دووای ئەوەشدا لە ساڵی ڕابردوودا بۆ دووهەمجار حزبی دیموکرات تووشی ئینشقاق بووە .لە ڕاستیدا من پێم وایە نەک حزبی دیموکرات بەڵکو هەموو حزبەکان لەو ماوە دوور و درێژەدا کە دووربوون لە کۆمەڵانی خەڵک، کە دەڵێم دووربوون بەو مانایە نیە کە ئێمە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک لە پەیوەندیدا نەبووین چوونکە ئەگەر ئەو پەیوەندیە نەبوایە لە ڕاستیدا ئیمکانی چالاکیش نەدەما، پەیوەندییەکە هەیە، بەڵام ئێمە لەو مەیدانەدا هاتووینەتە دەرەوە و ڕێبەری حزبەکان لە دەرەوە هەوڵیان داوە ڕێنمایی سیاسی و فکری و تشکیلاتی خەڵک بکەن.

ڕەنگە بەشێک لە هۆکارەکان لە هەموو حزبەکاندا وەک یەک ببیندرێت، بەڵام ئەوەی کە دەگەڕێتەوە سەر حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ساڵی ڕابردوو دوولەت کرا و بوبە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حزبی دیموکراتی کوردستان بە شێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توانای تەحەمول کردنی یەکتر، توانانی تەحەمول کردنی بیر و بۆچوونەکان بوونی نەمابوو هەروەها بیر کردنەوە لە هەندێک پرۆگرامی تایبەت لەنێو گروپێکی تایبەتدا وایکرد حزب ببێتە دوو گروپی جیاواز.

حزبێک کە ١١ ساڵ پێشتر توانیبووی یە ک بگرێتەوە و دەبو ئەوە ببوایەتە ئەزموونێکی زۆر باش بۆئەوەی کەحزب بەم زووانە تووشی ئەو بارودۆخە نەبێتەوە، بەڵام بەداخەوە بە کەڵک وەرگرتنی نالەبار لەم ئەزموونە وایلێهات جۆرێک دووبەرەکی لە بارەی بیرکردنەوە و ئیدارەکردندا درووست ببێت و حزب جارێکی تر دوولەت ببێت، بەڵام من دەمەوێت ئەوە بڵێم بۆچی حزب گەیشتە ئەو قۆناغەی کە دوولەت بێت بەرای من عەیبی کار لەمەدایە، لە هەر حزبێکی سیاسی لەوانەیە دوو بۆچونی جیاواز درووست ببێت کە بتوانن لەسەر یەک بەرنامەی درووست پێکەوە کار بکەن، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەبوو کە نەمانتوانی یەکتر تەحەمول بکەین واتە ئەو بەشەی کە پێی وابوو دەسەڵاتی بەدەستە تەحەمولی بوچونێکی جیاوازی نەدەکرد، دیارە بەگشتی بارودۆخی سیاسی، هەڵچوون و داچوونەکانی سیاسی لە خەباتدا و بۆچوونی ڕاست و بۆچوونی ناڕاست، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی کە لە حزبێکدا گروپێکی تایبەت بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ڕێز لە بۆچوونی هاوڕێکانیان بگرن، دیموکراسی لە حزبی ئێمەدا بە شێوەیەک باس دەکرا کە دیموکراسی پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە واتە ئەوەی کە ڕێبەر دیلیت دەبێتە بنەمای دیموکراسی لە حزبەکەدا، ئەمەش بوخوی سەرچاوەیەکە کە وادەکات جێگای هەموو کەس نەبێتەوە و گروپ و باڵ پێک بێت.

لە حزبی ئێمەدا وەڵام نەدانەوە بۆ ویستانەی کە لەلایەن بەشی کەمینەی کۆمیتەی ناوەندیەوە دەکرا وایکرد کە تووشی ئەو قەیرانە بین و نەتوانین پێکەوە بحەوینەوە.

**ڕەزا کەعبی:** من سوپاسی جەنابت و ڕۆژنامەی ئاسۆ دەکەم و بەخێرهاتنی هەموو میوانەکانیش دەکەم. پێم وایە دیموکراسی ناوخۆیی دەتوانێت یەکێک لە هۆکارەکان بێت، بەڵام من لە کۆنگرەی 11 ی کۆمەڵەشدا کە ساڵێک پێش جیابوونەوەی ئێمە بەسترا، کاتێک سەرەی من هات بۆ قسەکردن وتم ئەگەر چاودێرێکی بیانی چاوی لەوقلمەقلمەی تشکیلاتی ئێمە بێت چۆن هەڵی دەسەنگێنێت، بەڕاستی بۆ هەموو ئینشقاقێک لە جیهاندا و بەتایبەت لە حزبەکانی خۆماندا نە لەرووی قسەی لایەنەکانەوە بەڵکو دەبێت لە رووی پێگەی هەر کامێکیان لە کۆمەڵگا و یان ئەو وەڵامەی کە بەکێشەکانی کۆمەڵگای دەدەنەوە هەڵسەنگێندرێت.

پێم وایە سەرچاوەی ئینشقاقەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە گەورە کۆمەڵایەتیەکە لە کوردستانی ئێراندا ڕووی داوە.

کۆمەڵگای کوردستانی ئێران هیچ لێک چوونێکی وەک کۆمەڵگای کوردستانی ساڵی 58 ی هەتاوی نیە و هەموو دیاردەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە وەک ڕۆڵی پێگەی ژن، ڕۆڵ و پێگەی چینە جیا جیاکانی کۆمەڵگا، پێگەی ڕۆژنامەوانی، دیارە حزبایەتیش وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبوو ئاڵوگۆڕی گەورەی بەسەر بهاتایە.

ئەوەی کە دوو حزبی سەرەکی هەتا هەتایە دەبێت لە کۆمەڵگادا بمێنەوە دیارە نە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا ڕووی داوە و نەپێشم وایە هیچ بۆچوونێکی زانستی ئەو شتە قبوڵ بەکات.

ئەوەی کە دەگەڕێتەوە بۆناو کۆمەڵە دیارە کۆمەڵە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧ هاتاویەوە کێشمەکێشمی سیاسی تێدا بووە و تەنانەت پێش پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵە خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی سیاسی و ڕۆشن نەبوو. دیارە ڕاپەڕینی ساڵی 57 کۆمەڵەی خستە مەیدانی چالاکی سیاسی و ڕێکخراوەی لە کوردستانی ئێراندا و بە بڕوای من بەهۆی بۆچوون و بیرکردنەوەی درووستی ڕێبەرەکانیەوە توانی لە ماوەیەکی کەمدا ببێتە یەکێک لە حزبە سەرەکیەکانی کوردستانی ئێران، بەڵام کاتێک لە ئاوێنەی مێژوودا چاوی لێدەکەین دەبینین خاوەنی هیچ ڕێبازێک و بەرنامەیەک نەبووە.

ئەو حزبە، حزبێکی کۆمۆنیستی پێک هێنا و پرۆژەکە شکستی خوارد، واتە گیروکێشەی فکری و سیاسی تائێستا لەناو کۆمەڵەدا کۆتایی نەهاتووە.

دیارە لەگیروکێشەکان هەر لایەنێک، لایەنەکەی تری بەدژی کرێکار و دژی کۆمۆنیست بوون تۆمەتبار کردووە، بەڵام تاکو ئەو جێگایەی بە کێشەکانی خۆمان دەگریتەوە پێم وایە ئەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو. کاتێک ئێمە 7 ساڵ لەمەو پێش لە حزبی کۆمۆنیستی ئێران جیابوینەوە بە کۆمەڵێک شتی نوێ هاتینە دەرەوە و پێشمان وایە ڕەوتێک بە جۆرە بۆچوونێک لەناو کۆمەڵەدا دروست بوو کە جیاواز بوو لەو بۆچوونانەی کە ئێمەی هاندا بو هاتنە دەرەوە لەناو حزبی کۆمۆنیست دا. دیارە گۆڕانکاریەکانی کوردستانی عیراق و هێرشی ئەمریکا بۆسەر عیراق بوو بە خەونێک و دیتنی ئەو خەونەش بۆ کوردستانی ئێران بەشێک لە دەفتەری سیاسی بەتایبەت سکرتێرەکەی تووشی حیساباتی ناراست کردووە پێی وابو کە ئیتر پشت بەستن بە شۆڕشی جەماوەری و هێزی خەڵک و ڕێکخستنەکان باوی نەماوە و بە شێوەیەکی نابەجێ و نا مەسئولانە هەموو ئومێدی خۆی لەسەر هێرشی ئەمریکا بۆسەر ئێران دانا کاتێک ئەمە ڕوویدا وردەوەردە ڕەوتێکی ناشۆڕشگێڕ و تارادەیەک گەندەڵ لە باری سیاسیەوە لەناو کۆمەڵەدا سەری هەڵدا و ئەم ڕاپەڕینەی ئێمە دژی ئەو گەندەلییە بوو، بەڕاستی هیچ کاتێک لە تەمەنی کۆمەڵەدا وەک ئەمجار نەبووە کە ڕەوتێک بە جەوانی بەرنامەی خۆی بدات. ئێمە لە ٢٠٠٧/٤/١٤ دا بەشێک لە جیاوازییەکانی خۆمان لەگەڵ بەشێک لە ڕێبەری کۆمەڵە ڕاگەیاندو وتمان ئێمە بۆ ئەم شتانە هەوڵ دەدەین، تائێستاش ئەوان هیچ وەڵامێکیان بەو پلاتفورمەی ئێمە نەداوەتەوە و بەهیچ شێوەیەک نایانەوێت بێنە ناو باسی سیاسییەوە و تەنیا خەریکی پروپاگەندە دروست کردن بوون و بەس، پێشم وایە گاڵتەی مێژویش ئەوەیە کە ئێستا باس لەوە دەکەن کە چەپن و جارێکی تر چوونەتەوە سەر قسە و باسەکانی مەنسوری حیکمەت، بۆیە پێم وایە جوابی ئێمە بە مەسەلەکانی ئەمڕۆی کوردستان دەتوانێت ڕەوتەکان دیاری بکات. سکرتێری ئەوکاتەی کۆمەڵە زۆر بە ئاشکرا باسی ڕێکخستنەکانی ڕێکخراوی موجاهیدینی دەکرد و دەیوت ئەمریکا حزبی وای دەوێت حزبێکی دەوێت کە ڕێبەرەکەی کاتێک قسەی کرد هەموو ئەندامەکانی بە قسەی بکەن و دیارە ئێمە لەگەڵ ئەو مۆدیلە حزبیەدا نەبووین، مۆدیلی حزبێکی ستالینستی کە بەهیچ جۆرێک لەگەڵ دونیای ئەمڕۆ و ئەزمونی مێژووی مرۆڤایەتی نایەتەوە.



**حەسەن ڕەحمان پەنا:** پێشەکی سوپاسی جەنابت و ئەم بەڕێزانە دەکەم کە لێرە دانیشتوون دیارە هەرکات لایەنێک قسە بکات بەشێک لە حەقیقەت لە قسەکانیدا هەیە چ ئەو بەشە لە قسەکانی کاک کەمال کە بە جیابوونەوەی خۆیان دەگەڕێتەوە و بریا لایەنی بەرانبەریشیان لێرە بوونایە و وەڵامی خۆیان بدایە و چ ئەو بەشی دووای جیابونەوەی سازمانی زەحمەتکێشان دەگەڕێتەوە و کاک ڕەزا باسی کرد کە بریا ئەو لایەنەی تریش لێرە بونایە و قسەی خۆیان بکردایە.

لەسەر جیابوونەوەکان من هەندێک تێبینی جیاوازم هەیە، لەوانەیە نەبوونی دیموکراسی و ناشەفافیەتی دارایی لە جێگای خۆیدا بتوانین ڕەخنەی لیَ بگرین، بەڵام بە باوەڕی من ئەمانە ناتوانن هۆکاری سەرەکی بن بۆ ئینشتقاق لە حزبێکدا بەڵکو پێم وابێت هۆکارە سەرەکییەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک مەسەلەی سیاسی و جیابونەوە چ لەبارەی فکری و بەرنامە و ستراتیژی و ڕێگەچارەی مەیدانی بۆ ئیدارەی کۆمەڵگای کوردستان و هەروەها ئەو ڕووداوانەی کە لەم چەند ساڵەدا لە ناوچەکەدا درووست بووە، بۆ نموونە هاتنی ئەمریکا و ئەو کەسانەی کە هەموو ئومێدێکیان دەبێت بەوەی کە ئەمریکا ڕزگاریان بکات لەگەڵ کەسێک کە باوەڕی بە هێزی جەماوەری هەیە دیارە ئەمە دووسیاسەتە و لەناو ئێمەشدا کاتی خۆی لە ساڵی ۲۰۰۰دا کێشەکان لە ئاکامدا جیابوونەوەی سازمان زەحمەتکێشانی لیَ کەوتەوە کە ئەمە شکستی حزبی کۆمۆنیستی ئێران نەبووە کە کاک ڕەزا دەڵێت، ئەگەر ئەوەبوو باشە ئینشقاقی دوێنێکەیان هیچی بۆ. هەر ئەوەی کە ئەو شێوازەی کاک عەبدوڵڵای مهتدی هەیەتی کە بە هەمووتان تاکو دوێنێکە شەریکی ئەو سیاسەتە بوون ؟ پێشم وایە حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەباری فیکریەوە، لەباری سیاسیەوە لە هەموو حزبەکانی تر یەکگرتووی و یەک ڕیزی زۆرترە، بۆیە ئەوە ناتوانێت لێدوانێکی شیاوبێت بۆ جیابوونەوەی ئەوکات، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەوەبوو کە ئێمە بیرکردنەوەمان جیاواز بوو، ئەو لایەنە باوەڕی بە ڕێبازێکی ئینسانی، کۆمۆنیستی، سوسیالیستی کە تا دوێنێکە هەمومان باوەڕمان پیَ بوو، باوەڕیان پیَ نەما ، کاک عەبدوڵڵای مهتەدیش لە وتووێژێکیدا لەگەڵ ڕادیۆیەکی سوید ئەوەدەم دەڵێت: چەپەکانی ئێران نابێت ئەو ئەزموونەی چەپەکانی عیراق دووپات بکەنەوە و دژی هێرشی ئەمریکابن بۆسەر ئێران. دیارە ئەم هەڵوێستە لەگەڵ لایەنێکی تر کە دژی هێرشی ئەمریکا بوو بۆسەر عیراق کە ئێمەین جیاوازی سیاسی دەگەیەنین بۆیە پێم وایە ئەم مەسەلانە زۆر گرنگەن. بێجگە لەوە، حزبێک کە پرۆژەکانی تووشی شکست دەبێت، حزبێک کە هەوڵ دەدات بۆ بەرەی کوردستانی،بەڵام بۆی درووست نابێت و هەوڵیش دەدات بۆ کۆنگرەی گەلانی ئێران و بۆی ناچێتە سەر هەوڵدەدات بچێتە ئەمریکا و لەوێش لە کۆنگرەی ئەمریکا کەسانی ڕەدە سێ و چواریش نایبینن، یان ئەو حزبەی کە پاش ۶۰ ساڵ دروشمی خودمختاری دەگۆڕێت و دەیکات بە فیدرالیزم تەنانەت شیکردنەوەیکیش بۆ ئەندامانی خۆشی نادات، لە پەنای ئەمانەشدا ئەگەر ڕێبەرەکەش هەڵسوکەوتی باش نەبێت دیارە ئەو حزبە کەس سیقەی پێناکات و ئەو گرفتانەی بۆ درووست دەبێت.

کاک ڕەزا چەند شتێکی سەبارەت بە کۆمەڵە باس کرد دیارە ئەمە بیرکردنەوەی ئەوانە، من ناڵێم کۆمەڵە لە ڕۆژی یەکەمەوە دەقاودەق ئەو پرۆگرامەی هەبووە کە ئێستا پەیڕەوی دەکات، بەڵام ئەگەر کۆمەڵە بەرنامەی نەبووە ئەی چۆن لە ساڵی ۵۸ی هەتاویدا بووبە ئەو هێزە گەورەیە. کۆمەڵە لە ۸ مادەیی مەهاباد، ۲۴ مادەیی و هەروەها گەڵاڵەی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و بەرنامە بۆ دابەشکردنی زەوی باسی خودمختاری کە لە دروشمەکانی دواتریداهات ڕۆڵی بووە، دیارە ئەمانە هەمووی بەرنامە بووە . پێم وایە ئەو قسانە مێژوی کۆمەڵە نییە و بەڵکو خراپ پیشاندانی

مێژوویەکە کە تا ٧ ساڵ لەمەو پێش ئەوانیش تێیدا بەشدار بوون. دیارە ئەو مێژووە تائێستاش بۆ ئێمە جێگای بەرگرییە و چوونی کۆمەڵە بۆناو حزبی کۆمۆنیستی ئێرانیش نەک هەر تەنیا کۆمەڵەی لاواز نەکرد بەڵکو بەهێزی کرد. ئەگەر گرفتەکە حزبی کۆمۆنیستە ئەی پرۆژەی 7 ساڵەی ئەوان کە بەناوی کۆمەڵەشەوە کار دەکەن بۆچی هەرەسی هێنا؟

**عوسمان جەعفەری:** پێشەکی دەست خۆشی لە ئێوە و رۆژنامەی ئاسۆ دەکەم هەروەک چۆن رۆژنامەکەتان سەرچاوەیکە لەناو رۆژنامەوانی کوردیدا، هیوادارم ئەم کاروکارەکانی تریشتان ببێتە سەرچاوەیک بۆ ئەوها کۆبوونەوەهایەک. هەروەها بەخێرهاتنی ئەم بەڕێزانەش دەکەم، بەراستی شادمانم کە ئەمرۆکە پێکەوەین و دەتوانین تاوتوێی هەندێک شت بکەین، من دەتوانم بڵێم لەگەڵ زۆرێک لە قسەکانی کاک رەزا و کاک حەسەن و کاک کەمال دام، بەڵام خوێندنەوەی تایبەتی خۆشمان هەیە، چوونکە ئێمەش وەک یەکێتی دیموکراتی کوردستانی رۆژهەڵات حزبێکی ئینشقاقین لە پارتی کرێکارانی کوردستان pkk ، بەڵام دەتوانم بڵێم جیاوازی ئینشقاقی ئێمە لە pkk یان pjak ، جیاوازیەکی فیکری و سیاسی بوو. دەتوانم بڵێم بەشێک لەو هۆکارانەی کە بوبەهۆی جیابوونەوەی ئێمە بەشێکی هەر ئەو هۆکارانەن کە هاوڕێیان باسیان لێ کرد.

ڕاستیەکە ئەوەیە کە ئەم سەدەیەی کە ئێمەی تێدا دەژین، سەدەی بیست نییە ئەگەر تەماشا بکەین بنەڕەتی هەموو حزبە کوردییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی لەڕووی بنەمای فکری، شێوەی ڕێکخستن و شێوەی سیاسەتیانەوە دیارە هەر سەردەمێک بەسەر ئەو شتانەی کە بونەتە هۆکارێک بۆ درووست بوونی ئەم حزبانە تێپەڕیوە وەک سەردەمی شەڕی سارد یان ئەو گۆڕانکاریە گەورانەی کە لە ئاستی جیهاندا روویان داوە ئیدی هەڵناگرێت بەو شێوە حزبایەتی کردن کەلە سەدەی بیستەم دا دەکرا لە سەدەی بیست و یەکیشدا هەر ئەو حزبەبێت کە ئەودەماغە گەورە و ئەو هێزە گەورەت هەبێت. ئەمە نە ک هەر لە کوردستاندا، لە زۆر جێگای جیهانیشدا بینیومانە و بیستومانە ئەو ئاڵوگۆڕەی کەبەسەر جیهاندا هات بوبەهۆی گۆڕانی زۆر شت هەم لە ئاستی حکومەتدا و هەم لە ئاستی حزبدا.

هەمووتان دەزانن دوای ڕووخاندنی یەکێتی سۆڤیەت هەموو دونیا لە ساڵی ٩٠ بەم لاوە گۆڕانێکی لەسەر بنەمای فیکری خۆی پێک هێنا، بەڵام بەداخەوە لەنێو کوردستاندا بەوەی کە گۆڕان بکرێت لە سیاسەتدا لە شێوەی بەڕێوەبەریدا لە سازمان و حزبەکاندا هەست پێنەکرا و ئەگەریش هەبووبێت زۆر کەمبووە و بەس لە ئاستی ریفورمێکدا بووە کە خۆی جۆرێکە لە پینە کردن واتە حزبێک بیهەوێت بیرکردنەوەی سەدەی بیست بێنێتە ناو سەدەی بیست و یەکەوە و بەس تەنیا نەختێک ریفۆرمی تێدابکات بەڕاستی ئەمە کارێکی نەشیاوە چوونکە ئەو بیرکردنەوەیە مۆری سەدەی بیستی پێوەیە و سەدەی بیست و یەک شتی تازەی گەرەکە. بۆیە ئەگەر ئنشیقاق ڕوودەدات بەڕای من زۆر ئاساییە چوونکە سەدە سەدەیەکی نوێیە و بەڕێوەبەری نوێیە و هەمووشتێک گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەگەر باس لە نەبوونی دیموکراسی حزبی بکەین دەبێت سەیری مۆدیلی حزبەکەش بکەین، مودێلەکەی مارکسیت لنینیستی کە مودیلێکی ستالینییە. ئێمە بۆخۆمان لەناو pkk دا بەتەواوەتی دژی ئەو بنەما فکرییە بوین کە دەیویست بە شێوەیەکی زۆر نامەعقولانە و دوور لە پرنسیپەکانی سیاسەت لە سەدەی بیست و یەکدا بە سەر ئێمە بیسەپێنێت، چ لە کوردستانی رۆژهەڵات و چ لە باشوور و باکوور و رۆژ ئاوا pkk لە ساڵی ١٩٩٩وە هەستی بەوە کرد کە هەندێک گۆران بکات، بەڵام چوونکە هەمووی پینەکردن بوو، هیچی بۆنەکرا و گەیشتە خاڵێک کە بەراستی لە ساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤دا خەریک بوو pkk هەڵوەشێتەوە، دیسان pkk بۆئەوەی کە پارچە پارچە نەبێت چووەوە سەر بیرکردنەوە کۆنەکەی و pkkی وەک خۆی لێ کردەوە، بەڵام ئەمجارە رۆڵی pkk چیە؟ رۆڵی میکانیزمێکی فیکرییە بۆ بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی تری pkk ئێستا لە کوردستان ئەگەر گۆڕانەکان بنەڕەتین، ئینشقاقەکان بنەڕەتین یان دەیانهەوێت مۆدیلێکی هاوچەرخ وەک وڵاتانی سکاندیناوی ساز بکەن پێم وایە کێشە درووست ببێت .

باشە تێگەیشتنی ئێمە لە سیاسەت ئەمڕۆ بۆ کوردستان چیە؟ هەنگاوی سەرەکی ئێمە کە ئێستا دەبێت ڕێکخستنی خەڵک بێت پێچەوانە بوونەتەوە و بۆتە شەڕی دەسەڵات، بەڕای من گۆڕانی سەدەی بیست و هاتنی سەدەی بیست و یەک بۆتە هۆی نەک هەرئەم ئینشقاقانە بەڵکو ئینشقاقی تریش ڕوودەدات.

**بیهروز ئەردەڵان:** سوپاسی ڕۆژنامەی ئاسۆ و جەنابت دەکەم و هیوادارم بەردەوام بن، پێم وایە ئەمە خزمەت دەکات بە نزیک بوونەوەی فکرەکان و جوڵانەوەکان.

بە نیسبەت ئەو ئینشقاقانەوە دیارە سازمانی خەبات ڕاگەیندارێ هەبووە لەسەر هەموو ئینشقاقەکاندا، سەبارەت بە ئینشقاقەکەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئێمە پێش لەت بوونەکە سەردانی کاک مستەفای هیجریمان کرد و داوامان لێکرد ئەگەر دەکرێت بە شێوەی دیالۆگ ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.

پێم وایە نەبوونی دیموکراسی و ئۆردوگانشینی و نەبوونی پلاتفۆرمیک بۆ چالاکی لەنێو کوردستاندا بونەتە هۆی درووست بوونی ئەو جیابونەوانە لە حزبەکاندا.

**شەماڵ پیران:** زۆر دەست خۆشیتان لێدەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم مێزگردە بێگومان کاریگەری خۆی دەبێت و هەنگاوێکی پیرۆزە، سەبارەت پرسیارەکەی جەنابتان دەبێ بڵێم، ئینشقاق شتێکی زۆر سورشتییە و لەمێژە هەبووە، بەڵام ئەوەندەی کە پەیوەندی هەبێت بەم قۆناغەی ئێستاوە، هۆکارەکان ڕەنگە زۆربن دیارە ئەو جیابوونەوانە لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەنگە کێشەی سیاسی و فکریشی تێدا هەبوبێت، بەڵام کێشەکان زیاتر لە ڕیزی حزبە سیاسیەکاندا نەبوونی ئەو فەنە گونجاوەیە کە لەناو ڕێکخراوەکەدا بوو ڕێکخستی کارەکانیان هەیە و بەشێکیش ویست و خواستی کەسەکان کە دیارە مافی هەر یەکێکە هەوڵ بدات بۆ خواستەکانی. پێم وایە بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی دەسەڵات. میوانە ئازیزیەکان زۆر شتیان باس کرد بۆیە من زور کاتتان ناگرم، بەڵام پێم وایە زیاتر کێشەکان کێشەی ڕێکخستنە و کێشە ناوخۆییەکان و بەتایبەت ئەوەی کە حزبێک چۆن بەڕێوە بچێت.

ئاسۆ: پێتان وانیە ئەم جیابونەوانە خویەکە کە لە حزبەکانی کوردستانی عیراقەوە وەرتان گرتبێت، چوونکە ئێمە حزبی ترمان هەیە لە ئاستی ئێراندا چالاکییان هەیە و زۆر بە دەگمەن ئەو کێشانەیان بۆ درووست دەبێت؟

**کەمال کەریمی:** ئەگەر بڵێم وەک چاولێکەری نا من وای نابینم، ئەگەر وەک کاریگەریش باسی لێ بکەم وەک هۆکاری سەرەکی نایبینم. پێم وانیە حزبەکانی تریش ئەوەندی کە ئێمە ساڵەهایە یەکتر دەناسین و سەرەڕای هەموو گیروگرفت و کێشەی ساڵانی پێشتر کە هەمان بووە، بەڵام لانی کەم لەم ١٠ ساڵەدا پەیوەندیەکی باش هەبووە کە توانیومانە یەکتر ببینین و موناقەشە لەسەر هەموو مەسەلەکان بکەین بەجۆرێک کە لە باری بیرکردن و هەڵوێستیسیاسی تا ڕادەیەک یەکتر دەناسین بۆیە پێم وایە هیچ کام لە حزبەکان ئەو جیابونەوانەیان بەسەردا نەسپاوە بە شێوەی کە پێیان کردبێتن، لە ڕاستیدا ئەم جیابوونەوانە شتێکی سروشتیە دیارە هەندێک گۆڕان کاریگەری لەسەر مرۆڤەکاندا دادەنێت هەر بۆیە زۆر ئاساییە دەبێ ئینسان چاوەڕوانی ئەوە بکات کە ڕێکخراوێک زیاتر ئەو گۆڕانانە کاریگەری تێدا دەکات. بەڕای من ئەوەیە کە هەوڵ بدەین ئەو ئەزموونە خراپانەی ئێرە لەگەڵ خۆماندا نەبەینەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک ئەزموونی شەڕی براکوژی، کە بەڕاستی دواکەوتوویی وڵاتی لێکەوتەوە و لە زۆربەی دانیشتەکانیشماندا باسمان لەوە کردووە کە دەبێت بەهیچ شێوەیەک ئەم ئەزموونانە نەبەینەوە بۆ کوردستان بەڵکو ئەگەر ڕۆژێک کوردستانی ڕۆژهەڵات ئازاد کرا ئێمە هەوڵ بدەین ئەمانە بکەین بە ئەزمونێک کە بزانین لەوێ چۆن هەڵسوکەوت بکەین کە تووشی کێشەی گەورە نەبین هەڵبەتە لەوانەیە لەڕووی فکریەوە حزبێک کاریگەری لەسەر حزبێکی تردا دانابێت کە ئەمە شتێکی سەیر نییە، بەڵام ئەوەی کە حزبەکانی باشوری کوردستان پێیان خۆشبووبێت کە ئێمە ئینشقاقمان تیا درووست ببێت من وای نابینم، بە باوەڕی من ئینشقاق لەنێو حزبێکی سیاسیدا بەڕاستی شتێکی سەیروسەمەرە نییە، کۆمەڵێک خەڵک لەسەر بەرنامەیەکی دیاری کراو دەستیان کردووە بەکاری سیاسی، بەڵام لە جێگایەکدا هەست دەکەن ناتوانن پێکەوە کاربکەن بەڵکو بەدوو بەرنامەوە درێژە بەخەبات دەدەن، ئەوە خراپە کە لەنێو تشکیلاتێکی سیاسیدا

یەکێک ڕێگای پێچەوانە بگرێت، ئەوەی کە ئێمە دەیبینین هیچیان ڕێگای پێچەوانەیان نەگرتووە، هەمویان لەو ڕێگایەوە دەڕۆن کە بەرژەوەندی خەڵکی تێدایە و بۆ بەدیهێنانی ئاواتی خەڵکەکەیان هەوڵ دەدەن، بەڵام لەوانەیە هەرکام لەحزبەکان بۆگەیشتن بەئاواتەکانیان ڕێگایەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت.

دیارە هەموو حزبەکان خۆشیو خۆشگوزەرانی جەماوەریان دەوێت، بەڵام هەرکامیان بەبەرنامەی خۆیانەوە. ئەوەی کەمن پێموایە دەبێت زۆتر باسی بکەین و ئەویکە ئەگەر کۆمەڵێک نەیانتوانی پێکەوە لەسەر یەک بەرنامە کاربکەن ئایا دەبێت دوژمنایەتی یەکتر بکەن؟ یان ئەوەی کە بۆچی ئینشقاقەکان لەنێو حزبە کوردیەکاندا توشی شەڕدەبێت؟ ئەوە بۆمن گرنگە نەک ئەویکە جیابوونەوەیەک ڕوویدات. ئەگەریش ڕەخنەیەک لەسەر ئینشقاقەکان هەبێت لەسەرداوای ئینشقاقەکانە بۆنمونە حزبی دیموکراتی کوردستانی کە ١٤مانگ لەمەوپێش جیابووەوە هەڵسوکەوتی دور لەئەخلاقی ئینسانیو ئەخلاقی کوردانەی لەگەڵداکرا.

ئاسۆ: ئایا ئێوە پێتان وایە بەم جۆرە کارکردنەی حزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانن ئالترناتیڤێکی باش بن بۆ دوارۆژی کوردستانی ئێران؟

**ڕەزا کەعبی:** یەکێک لەموناقەشەکانی ئێمە لەدووساڵی ڕابردوودا ئەمە بوو پێمان وابوو حزبایەتی لەکوردستان تووشی قەیران بووە. بەدەر لەوەی کەئێمە سەبارەت بەیەکتر چی دەڵێن، ڕاستیەکە ئەوەیە کەدیاردەی حزبایەتی هاتوتە ژێر پرسیارەوە. ئەو سیستەمی کەئێمە لەحزبەکانماندا پێڕەوی دەکەین بۆ سەدەی بیست باش بۆ هەربۆیە پێموایە بەڕاستی ئەم جۆرە حزبایەتیە بەهیچ شێوەیەک سەرکەوتوو نابێت. کاتێک کە حزبێکی چەپ و شۆڕشگێڕ گەیشتوتە دەسەڵات فاسید بووە و ئەمەش ناگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی تاکەکان بەڵکو پەیوەندی بەخودی سیستمەکەوە هەیە. من لەکۆنگرەی ١١ش باسمکرد کەئێمە هەم وەک حزبێکی چەپ لەقەیرانداین، هەمیش وەک حزبێکی کوردی.

دیارە سیستمێکی دیکەش نیە واتە مرۆڤایەتیو زانستی مرۆڤەکان لەکاری حزبایەتی شتێکی تری نەداوە بەدەستەوەو هەرئەو سانترالیزمی دیموکراتیکەیە، مەگەر ئەویکە ئەوحزبە بۆخۆی بتوانێت پێوەندیەکی دروست لەنێوان ناوەندو دیموکراسیەکەدا پێک بێنێت.

من باسی خۆمان دەکەم ئەندام لەکۆمەڵەدا ئەگەر شانسی هێنابێت، شهید نەکرابێت ئەوا بێ ئابڕو کراوە و بە زۆر دیاردەی دزێو تاوانبارکراوە لەهەموو ئینشقاقەکاندا.

ئەوەی ئەمجارە ئەو کارەساتەی لەناو ئێمەدا ڕویدا و هەموتان ئاگاداری بوون باوەڕبکەن لە ساڵی ٢٠٠٠ دەکرا لەوە خراپتربێت. ساڵی ١٩٩٠ کە کۆمۆنیسزمی کریکاری پێدا بۆ ئەوکات منو کاک حەسەن ڕەحمان پەنا لەبەرەیەکدا بووین ڕاستیەکە ئەوەیە ئەگەر کوردستانی عیراق لەو سەردەمەدا ئازاد بووایە دەتوانم بڵێم تەقەی تێدادەکرا، بۆیە ئەم حزبایەتیە دەبێت بگۆڕدرێت ئێمە وەک چەپ کە ئێستاش خۆمان بە ڕەوتێکی چەپی شۆڕشگێڕ دەزانین بەڕاستی دەبێت کۆڵێک گۆڕان لەخۆماندا پێک بێنین. ئەویکە کاک حەسەن وتی کەلەساڵی ٢٠٠٠ ئێمە جیاوازی فکریمان هەبوو و بەڕاستی وایە ئێمە خوێندنەوەیەکی دیکەمان هەیە و پێمان وایە ئەو بنەمافکرییانە هاتونەتە ژێر پرسیار.

لەوانەیە بتوانێت حزبێکی یەک گرتوو بێت لەباری فکرییەوە بەڵام بەبڕوای من لەپەراوێزدا دەمێننەوە ئەویکە لەکۆمەڵەدا من بینیومە بەڕاستی ٢٠ ساڵە قەیرانی ڕێبەری هەیە و ڕێبەری ئاشبەتاڵی کردووە. لەناو هەموو حزبە کوردستانیەکان بەس ڕێبەری کۆمەڵە لەسەر جێگا و ڕێگای خۆی نەبووە و بەڕاستی بێگانە بووە لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیدا بۆیە پێم وایە دروست بوونی حزبی کۆمونیست ئێستاش ئاسەوارە خراپەکانی ماوە لەناو ماڵداو ئەویکە ئێمە دەبێت چی بکەین پێموایە پرسیارێکی زۆر گرنگە کە ئەرکی سەرشانمانە وەڵامی پێ بدەینەوە.

دیارە ئەویکە ئێمە تیۆرێکی نوێ بۆ حزبایەتی دابمەزرێنین پێموانیە کاری ئێمە بێت بەڵام دەتوانین لە گرفتەکانی کەم کەینەوە و ببینە رەوتێکی شۆڕشگێر و ئازادیخواز لەکوردستان کە لەسەر مەسەلە کۆمەلایەتیەکان وەک مەسەلەی نەتەوەیی وەلامان پێ بێت بۆیە دەبێت ئەو ئالۆگۆڕە بینین.

دەبێت بلێم بەم وەزعەوە بەراستی ئالتەرناتیڤێکی باش نین. ئێمە هیچکاممان بەتەنیایی کارمان پێناکرێت. دەبێت شەری ئایدۆلۆژیا لەناو خۆماندا نەهێلین.

**حەسەن رەحمان پەنا:** من پێموابێت ئەویکە حزبەکان لەقەیراندان ناتوانێت لێکدانەوەیەکی تەواوبێت حزبێک کە دووینیکە ئینشقاقی کردووە نابێت ئەمرۆکە قەیرانی هەبێت، ئەگەر ئەوە بێت دیارە دەبێت بزانێت بارودۆخی چۆنە چونکە خۆی حزبێک کەجیا دەبێتەوە دەبێت یەککرتووتربێت رێکو پێکتربێت بۆیە هاتوتە دەرەوە پێشموایە جیابوونەوە خۆی لەخۆیدا ناتوانێت کارەسات بێت جاری وایە ئینشقاق ئەگەر نەبێت و تەشکیلات لەناو ببات ئەوەکارەساتە.

جاری وایە رۆیشتنی خەتێکی خراپ دەتوانێت بەر بە کارەسات بگرێت. بەباوەڕی من ئینشقاقی ساڵی ٢٠٠٠ ئێمە ئەوە بوو. ئەو لایەنەی کە کاک رەزاو ئەوان بوون رۆیشتنو بەو بارودۆخەی کەدواتر هاتەپێشەوە بەراستی بەقازانجی ئێمە بوو، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر هەموومان بەرەو ئەوە برۆشتینایە کارەساتەکە گەورەتر دەبوو هەتا ئەوەی کە لایەنێک لەسەر رێبازی کۆمەلە و ئارمانی کۆمەڵە مایەوەو بەرگری لێکرد.

**شەماڵ پێران:** پێموایە بەم شێوە کارکردنە دوارۆژی حزبەکانی کوردستانی رۆژهەلات تاریکە و بەدڵنیاییەوە دوارۆژی باشیان نابێت.

کلتوری حزبایەتی لەخۆرهەلات زۆر جیاوازە لەگەڵ کلتوری حزبایەتی لەرۆژئاوا. رۆحی حزبایەتی لەخۆرهەلاتی ناوەڕاست رۆحێکی خۆبەزل زانە بەلام لەرۆژئاوا وانیە بەلکو چی لە بەرژەوەندی خەلکەکەیاندا بێت ئەوە دەکەن هێزە سیاسیەکانی رۆژهەلات دەتوانین بکەین بەدوو بەش بەشێکی ناسیۆنالیست و بەشێکی چەپە واتە جیاوازی ئایدۆلۆژیا تارادەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر دورخستنەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژهەلات لەیەکتر.

لەوەلامی پرسیارەکەی جەنابیشتا وەک پێشتر ئاماژەم پێدا بارودۆخی بزوتنەوەی سیاسی لەرۆژهەلاتی کوردستان لەرووی رێکخستنەوە زۆر شپرزەیە.

**بەهرۆز ئەردەلان:** بەرای من مەسەلەی هەنوکەیی ئیران بەقۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەرێت چونکە گەلاڵەی ئەتۆمی ئێران زەق کراوەتەوە، مەسەلەی مافی مرۆڤ، گرانیو هەروەها نارەزایەتی جەماوەر بەشێوەیەکی بەرچاو باسی لێدەکرێت هەربۆیە ئێمە دەتوانین کەلک لە مانەوە وەربگرین و لەم پێوەندەدا کاربکەین بۆ رێکخستنی جەماوەری بەلام بەداخێکی زۆرگرانەوە حزبەکان هەموو هێزی خۆیان خستۆتە کار بۆ تواندنەوەی یەکتر ئەوە ئێمە ئێستا سێ کۆمەڵەمان هەیە، دوو دانە حزبی دیموکرات هەیە ئەمانە بەداخەوە لەجیاتی رێکخستنی تەشکیلاتی خۆیان هەموو هێزیان تەرخان کردووە بۆ تاوانبارکردنی یەکتر.

کاکە حەسەن دەڵێت ناسیۆنالیستەکان چیان کردووە؟ لەساڵی ٨٩ەوە کە یەکێتی سۆڤیەت رووخاو ئەم ولاتانە پێکهاتن قۆناغێکی ناسیۆنالیستی هاتە ئاراوە هەرئەمەش بوو کە گەشەی دا بە هەستی ناسیۆنالیستی. من پێموایە رەورەوەی دیموکراسی دەتوانێت حەزمەت بەکۆمەلگای هەموو بەشەکانی کوردستان بکات. دەتوانین خاوەن پلاتفۆرمێک بین کە تیایدا هەموو ئەم پێکهاتانەی کوردستان بەچەپەوە و بەراستەوە بێنە مێدانەوە و بە یەک ئامانج کە ئەویش رزگاری نەتەوەیی بێت کاربکەن، بەلام ئەگەر ئێمە دابەشمان کرد بەچینی سەرمایەدار و چینی کرێکار دیارە دژایەتێک لەناو کۆمەلگادا دروست دەبێت، چونکە کۆمەلگامان کردۆتە دووبەشەوە کاتێک ئێمە دەستی سەرمایەدار ببڕین واتە نیوەی کۆمەلگا دەبێت بمرن لەبرسیدا یان دیکتاتۆری پولوریتاریا بینین خۆ هەموان دەزانین ئەم ئەزمونە شکستی خوارد بۆیە پێموایە بەم قەوارەوە کەئێستا هەمانە ناتوانین بەهیچ شێوەیەک کاربکەین لەپێناو ئامانجەکانی خەلکی کوردستان بێجگە لەوەی کە ئەوانیش لە یەکتر دور دەخەینەوە.

جالەبەر ئەوە دەبێت ئێمە هێزو و تواناکانمان بەگەرخەین و وازبێنین لە هەندێک شت کەخزمەت بەئامانجەکانمان ناکات چونکە تەنیا خزمەتێک کە ئێستا خەڵکی کوردستان نیازی پێیەتی راگەیاندنیکی هاوبەشە.

زۆر سەیرە بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی، حزبی دیموکرات دەڵێت ئەگەر بەرانبەرەکەم بێت من نایەم. کۆمەڵە دەڵێت ئەگەر کۆمەڵەکەی تر بێت ئێمە بەشدار نابین بەداخەوە هەندێک مەرج دادەنێن.

**عوسمان جەعفەری:** ئێمە هیچ بەرنامەیەک کە بۆخەڵک تێ بکۆشێت رەدی ناکەینەوە بەڵام ئەمە راستیەکە کە ئایا ئێمە دەمانەوێت سەیری جیهان بکەین یان نا؟ دەمانەوێت تەماشای راستی کۆمەڵگای خۆمان بکەن یان نا؟ لەمن پرسیار بکەن دەڵێم ناسیۆنالیستی خاڵی ناتوانێت سەرکەوتن بۆخەڵک دەستەبەر بکات، چەپیش بەتەنیا ناتوانێت چونکە ئەگەر ئێستا ناسیۆنالیستەکان باسی کوردایەتیان لێ بستێنینەوە چیان پێیە بۆکۆمەڵگا؟

ئەگەر خواستی ئێمە بەس کوردایەتیە بەراستی ئەوە دەسەلمێنێت کەپرۆگرامی زۆرمان نیە چونکە نەپرۆگرامی کۆمەڵایەتیمان دیارە نە پرۆگرامی سیاسیمان دیارە بۆ دواڕۆژ نە پرۆگرامی ئابورییمان دیارە. ئێستا لەسەدا ٧٠٪ خەڵکی کوردستان گەنجن و هەرئەم ٧٠٪ە گۆڕانکاری دەوێت، دایک و بابی من گۆڕانکاری یان ناوێت، ئەم حزبانە بۆ ئەو ٧٠٪ چیان پێیە؟ بۆیە ئەمڕۆکە هیچ حزبێک ناتوانێت بڵێت من پرۆگرامێکی تەواوم پێیە بۆ ئەم خەڵکە لەوانەیە چەند حزبێک پێکەوە بتوانن شتێک بکەن بەڵام دیسان ئەوەش کەموکوڕی خۆی هەیە چونکە بەرنامە سیاسیەکە بەراستی روون نیە.

ئەمڕۆکە کێشەکان کێشەی ژنە، کێشەی لاوان و ژینگە بەراستی حزبە نەتەوەییەکان چیان پێیە یان چەپەکان چیان پێیە؟ بەراستی ئێمە شتی تازەمان نیە، خوێندنەوەی تازەمان نیە بۆیە بەسیاسەت و بەڵێنەکانی ئەمریکا فریومان خواردووە.

بەراستی پرسیار ئەوەیە کە وتاری حزبەکان بۆ کێیە؟ لەبیرمە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ کۆبونەوەیەک لەنێوان ئێمە و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لەوێ وتم خەڵک لە پێشەوەی حزبەکانن کاک عومەر دەنگی بەرزکردەوە وتی: قەت وانیە. بەڕاستی ئەمڕۆکە حزبەکان پێشەنگن؟ خەڵک بەقسەی ئێمە کاردەکەن؟ قەت شتی وانیە، یەکێکیش دەکوژریت هەر زوو دەیکەین بەهی خۆمان.

**کەمال کەریمی:** بەراستی پێش ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکەی جەنابت بدەمەوە بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەهەندێک لەقسەکانی کاک عوسمان بکەم.. من ناڵێم حزبی دیموکرات بەڵام هەر نەبێت کۆمەڵە هەمووکاتێک باسی لەوەکردووە کە پێشەنگی بەرنامەدانان بووە بۆ کاری رێکخراوەیی ژنان و بەڵگەشی ئەوەیە کەتوانیویەتی ژنان لەناوخۆیدا زۆر کۆبکاتەوە کەوابوو بەرنامەی هەبووە وانیە ئەگەر دروشمی نەتەوەیی لەحزبەکان بسەنینەوە هیچ شتێکیان نیە من پێموایە هەرکام لەحزبەکان بەرنامەی خۆیان هەبوە چونکە بەراستی ناتوانن بێ بەرنامە بوبێتن. حزبی دیموکراتی کوردستان لە ٣٥ ساڵ لەمەوپێشەوە بەرنامەیەکی گەلاڵەکراوی هەیە لە باری کلتوری، کۆمەڵایەتی، خوێندن، پەروەردە و ئەگەر کاک عوسمان نەیبینوە ئەوە من نازانم. حزب ئەگەر حزب بێت دەبێت بەرچاوی روون بێت بۆ داوارۆژ. بۆوەڵامی پرسیارەکەی جەنابتان من دەڵێم هیچ حزبێک لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا ناتوانێت ئاڵتەرناتیڤێک بێت بۆئەو بارودۆخە. دیارە بوونی ئاڵترناتیڤێک تەنیا بوونی بەرنامە نیە، لەوانەیە حزبی دیموکراتی کوردستان بەرنامەیەکی زۆر باشی هەبێت، بەڵام ئایا ئەم بەرنامەیە دەتوانێت ببێتە بەرنامەیەک بۆ زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە و توانی پشتیوانی زۆربەی خەڵک بەدەست بهێنێت دیارە دەبێتە ئاڵترناتیڤ، بەڵام ئێمە ئێستا نە کەوتوینەتە ئەو قۆناغە، کە بزانین ئایا ئەو بەرنامەی کە ئێمە پێشنیاری دەکەین بەشی زۆری خەڵکی کوردستانی لە گەڵدایە یان نا ئێمە لە قۆناغێکیتردا قسە دەکەین.

بەڵام کاتێک دێینە سەر باسی حزبەکانی کوردستان کە ئایا ئێمە ئاڵترناتیڤێکی پۆزەتیڤین؟ ئایا بەم چەشنە دەتوانین بچینەوە بۆکوردستان؟ لێرەدا باسی تاکە حزب و بەرنامەی تاکە حزب نیە، بەڵکو باسی بەرنامەی گشتیو چۆنیەتی

پێکەوەبوونو هاوئاهەنگی کە پێویستە لەنێوانماندا هەبێت بۆ گەیشتن بەو ئالترناتیڤە بۆزەتیڤە کە من لێرەدا دەڵێم بەداخەوە وەڵامەکەم نایە.

کەواتە ئەمە هیچ پێوەندیکی بە ئایدۆلۆژیاوە نیە، لەوانەیە حزبێکی ئیسلامی لەگەڵ حزبێکی کۆمۆنیست لەسەر هەندێک بەرنامەی هاوبەش رێک کەون کە ئەمە شتێکی سەیر نیە، ئەوەی کە ئێمە نیمانە بەداخەوە یەک شتە ئەویش ئەوەیە بە راستی ئەوبەشی کەهی هەموانە بەهی هەموانی بزانین.

بەراستی ئێمە حزبەکان و ابیرناکەینەوە کە چەندە ماف دەدەین بەخۆمان ئەوەندەش ماف بدەین بەو حزبانەی کە ساڵەهای ساڵە شان بەشانی ئێمە خەبات دەکەن و لەم رێگایەدا شەهیدیان داوە و ماندووبونیان چەشتووە. بە بڕوای من ئەگرە بڕیارە رۆژێک بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمە کاریگەریمان هەبێت لەسەر ئاڵۆگۆڕەکان بۆ ئەوەی کە بچینەوە بۆ کوردستان واتە قۆناغی خەبات بگوازینەوە بۆ ناوەوەی کوردستانی رۆژهەڵات یان دەبێت بەتەمای خوا و ئەمریکا بین کە زۆرکەس بەتەمان یان ئەوەی کە پێویستە کارێک بکەین واتە پێویستە بە تەفاهوم بگەین ئەم تەفاهوومە بە بڕوای من لەوانەیە زۆر کەم بێت بەڵام ئەم کەمەش پێویستە چونکە بە هیچ شێوەیەک لەو باوەڕدا نیم ئێمە بتوانین تەفاهوم لەسەر شتە گشتیەکان بکەین هەڵبەتە لەم قۆناغەدا.

ئاسۆ: تائێستا هەرکات حزبێک لەحزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات کۆنگرە بەستەبێت لەدوای کۆنگرەکە باسی لەسەر کەوتوویی کۆنگرەکەیان کردووە، هیچ کات نەمانبینیو نەشمان بیست حزبێک کۆنگرە ببەستبێت و دوای کۆنگرە بڵێت ئێمە لەم کۆنگرەدا باسمان لەهەڵەکانمان کردووە یان کۆنگرەکەمان ئەم هەڵانەی تێدابووە، بەڵام کاتێک کە سەیری دوای کۆنگرەی حزبەکان دەکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆربەی جیابوونەوەکان یاخود دروستبوونی باڵەکان لەدوای کۆنگرەکاندا سەر هەڵئەدەن ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟

**حەسەن رەحمان پەنا:** من پێموایە هۆکاری سەرەکیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جۆرێک لە داخراوی لە حزبەکاندا، بەو مانەیەی کە زۆر شت لەناو حزبەکاندا روودەدات بەڵام کۆمەڵگا ئاگادار نیە وە خەڵکیش نازانن لە حزبەکەدا کێشە هەیە چونکە کێشەکان دەشارنەوە بۆیە ئەگەر لەحزبێکدا قسە لەسەر رونکردنەوە و شەفافیەت کرابێ دەبێت بەئاسایی وەربگیرێت ئێمە خۆمان هەوڵمانداوە بەراستی وابین لە هەر دوو جیابوونەوەکانیشدا چ لەجیابوونەوەی کومونیزمی کرێکاری و چ لەجیابونەوەکەی ساڵی ٢٠٠٠ کە کاک رەزاش یەکێک لەوانە بوو پێمان راگەیاندن کە بمیننەوە و قسەکانیان بکەن بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای لێ ئاگادار بێت، بەڵام پەنجا پەنجایەک کە ئەوان داوایان دەکرد و بەهیچی تر رازی نەدەبوون سەرەڕای ئەوەیکە لەهەموو بوارێکدا کەمایەتی بوون دیارە ناشەفافیەتێک دروست دەکا تو جاری واش هەیە بۆ کۆکردنەوەی هێز راستیەکان بەجەماوەر ناڵێن.

ئاسۆ: باشە جەنابتان وەک ئەندامی دەستەی رێبەری کۆمەڵە پێت وانیە لەکۆنگرەکانتاندا گرفت هەبوبێت؟

**حەسەن رەحمان پەنا:** تا ئەو جێگایەی بەئێمە دەگەڕێتەوە پێموا نیە هیچ کێشەیەکمان هەبوو بێت. ئێستا لەناو ئێمەدا ژمارەیەک رەفیق هەن کە لەکۆمیتە ناوەندیدا ٣ کەسن و لەگەڵ زۆربەی رۆژنامەکانیشدا چاوپێکەوتنیان کردووە و تا ئێستا ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئاستەنگ نەبووین لەبەردەمیاندا لە هیچ کۆنگرە و کۆنفرانسێکدا گوشار نەخراوەتە سەریان بۆ ئەوی کە خۆیان هەڵنەبژێرن و یان خود قسەکانیان نەکەن بەڕاستی من کێشەیەک نابینم، ئێمە هەوڵمانداوە زۆرترین بوار برەخسێنین بۆ کەسێک لەناو تەشیکلاتی ئێمەدا کە ئەگەر لەباری فیکرییەوە لەگەڵ خەتی گشتی نایتەوە بەڕاشکاوی رایگەیێنێت کە من لەو خەتە گشتییەم قبوڵ نییە. ئێمە هەوڵمانداوە لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەش کە تکایە پلاتفۆرمەکەتان ئاشکرابکەن بۆ کۆمەڵگا با رای لەسەر بدرێت، چونکە پێمانوایە هەر حزبیک کە خۆی بە حزبێکی کۆمۆنیست بزانێت نابێت وا بیرنەکاتەوە ئەگەر وابێت، دەبێتە ئەو کۆمۆنیستەی کە کاک عوسمان باسی دەکات.

ئاسۆ: زۆربەی حزبە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات خاوەنی تەلەفزیۆنی خۆیانن، ئایا لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا ئەو تەلەفزیۆنانە توانیویانە ئامانجەکانیان بپێکن یان خود پێتانوایە ئەم کەناڵانانە بەڕاستی دەنگی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن؟

**ڕەزا کەعبی:** ئەویکەی بڵێم ئەرکی خۆیان بەجآ هێناوە یان نا پێموایە کەم تا کورتییەک بەڵێ، چونکە تەلەفزیۆن لە ژیانی حزبایەتیدا شتێکی نوێیە و جیاوازی زۆرە لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامەدا. دیارە بەهۆی تەلەفزیۆنەوە ئێمە دەتوانین ڕۆژانە بچینە ناو هەزاران بنماڵەوە و وەک وتەبێژێکی حزب قسە لەگەڵ جەماوەردا بکەیت کە ئەمەش بەڕاستی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئێواران کاتێک خەڵک دەچنەوە بۆ ماڵەوە لە مامۆستای زانکۆوە کرێکار، خوێندکاری زانکۆ، ژنان کاتێک بەرانبەر بە شاشەکە دادەنیشین زۆر گرنگە هەموویان ڕازی بکەیت، پێموایە ئەم تەلەفزیۆنانە پێشڕەوبوون و کاریگەری پۆزتیڤیان هەبووە دیارە تەلەفزیۆنی کۆمەڵە هەیە، تیشک هەیە، کورد کاناڵ هەیە و ڕۆژهەڵات هەیە کە دەتوانم بە جیا لەسەریان بدوێین، چونکە تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، بەڵام من بۆ خۆم بۆچونێکم هەیە ئەوکاتەی کە ڕۆژهەڵات تیڤیمان دانا پێموابێت لە دەمانگی یەکەمیدا زۆر سەرکەوتوو بوو کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکەی کە زۆرهەوڵماندا حزبی نەبێت و هەموو کەس بتوانێت تیدا بەشداربێت و قسەی خۆی بکات. بۆیە پێموایە ئەگەر تەلەفزیۆنەکان ئەوخاڵە لەبەرچاوبگرن سەرکەوتوودەبن.

کاتێک تەماشای تیشک تی ڤی دەکەین دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە بەڕاستی کارمەندەکانی ماندودەبن و هەوڵی زۆریش دەدەن کە من ماندونەبونیان پێدەڵێم، بەڵام لەهەمانکاتیشدا هەست دەکەیت کە زۆر حزبیە. لە کۆتایدا دەڵێم ئەگەر بتوانین تەلەفزیۆنێک کە حزبی نەبێت و خۆی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیدا نەبینێتەوە هەمانبێت دیارە لەم قۆناغەدا کاریگەری یەکجار زۆری دەبێت.ئێستا بەڕاستی من ئەو دوو سێ تەلەفزیۆنە وا نابینم.

**حەسەن ڕەحمان پەنا:** من باسی ئەزموونی خۆمان دەکەم دیارە بۆ ئێمە کارێکی تازە بۆ، بەڵام بە نیسبەت تازەبوون و ئەو ئیمکاناتە کەمە و هەژاری پێموایە توانیومانە بچێتە پێشەوە و گەشەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە لە ناو کۆمەڵگادا هەیەتی و ڕۆژانە پێمان دەگات. لە ڕویەکی ترەوە پێموایە ئەم تەلەفزیۆنانە چوونەتە شەڕێکی تازەوە واتە ئێمە کە تا دوێنێکە شەڕی پارتیزانیمان دەکرد ئێستا لە ئاستێکدایە کە کۆماری ئیسلامی زۆر پێ نارەحەتە بە شێوەیەک کە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕژێم تەشویشی خستۆتە سەر کە ئەمەش دەگرێتەوە بۆ ئەو ترسەی کۆماری ئیسلامی لەو شتە تازەیەی کەپێ سپێندراوە. ئەو بیری لەوە نەدەکردەوە لەم بوارەدا، ئۆپۆزسیۆنێک کە لەدەرەوەی وڵاتەوە پێیوایە کە لەناوی بردوون و ڕۆژ هەتا ئێوارە دەڵێت نەماون ئێستا لە ئاستی چەند تەلەفزیۆنێک خەریکن چالاکی دەکەن. بۆیە پێموایە ئەمە دەستکەوتێکی باشە و کاریگەری زۆریشی هەبووە لەسەر خۆمان و هەروەها لە سەر گەشەی سیاسی و ڕێکخستنی چالاکی ناوەوە.

بۆیە لەوانەیە من لەگەڵ ئەو ڕەخنەی کاک ڕەزا نەبم، چونکە ئەمە ڕاستییە کە هەر تەلەفزیۆنێک ڕەنگدانەوەی فیکری ئەو لایەنەیە کە دایمەزراندووە و هەوڵیش دەدات ئەو ئامانجە و ئەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی ببیاتە ناو کۆمەڵگاوە، بەڵام لەپەنای ئەوەشدا ئێمە پەرمان نەکردۆتەوە بە شتی حزبی، زۆرجار حزبەکان، ڕوناکبیران و خەڵکی تریشمان بانگکردووە و کەڵکیشمان لێ وەرگرتوون. دیارە دەبێت ئەمەش نەشارینەوە کە ئەم تەلەفزیۆنانە لە شوێنی کاری خۆیان دورن و دەستیان ئاوەڵە نییە بۆ ئەوەی کە چالاکانی بوارە جیاجیاکان لە ناوەوە بێنن ودەنگ و ڕەنگی ئەوانیش بێت کە ئەمە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئەو بوارە نادات، بەڵام لە کۆتایدا دڵێم ئەمە سەرکەوتنێکی تازە و شەڕێکی تازەیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران.

**بەهرۆز ئەردەڵان:** دیارە ئێمە تەلەفزیۆنمان نییە، بەڵام بە نیسبەت کورد کاناڵەوە تا ئێستا بەرنامەکانی لە قۆناغی تێستدایە و ناتوانین بەراوردی تەواوی بکەین، بەڵام بە نیسبەت تیشک و ڕۆژهەڵات و کۆمەڵەوە خزمەتی بەرچاویان کردووە و هەرچەندە ئەو تەلەفزیۆنانە دەنگدانەوەی ڕای حزبەکانی خۆیانە، بۆیە من داوایان لێدەکەم مەسرەفێکی زۆریان تیاکردووە دەبێت بەرنامەکانیان چڕوپڕکەنەوە لە پەیوەند لەگەڵ ئەو مەسەلە گرنگانە کە لە کۆمەڵگادا

ڕوودەدەن.

**شەماڵ پیران:** تەلەفزیۆن کە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی پێشکەوتووە بۆ قۆناغی ئێستای ئێمە زۆر پێویستە. پێموایە لەڕووی زەمەنەوە و لەڕووی ئەو بارودۆخەی ئێستا تێیداین بەڕاستی جاریَ زۆر زووە هەڵیانسەنگێنین، بەڵام پێموایە پێشکەوتنی باشیان بەدەستهێناوە و کاریگەری زۆر باشیشیان هەبووە لەگەڵ ئەوەشدا کە کەموکوڕیشیان هەبووە کە ئەو کەموکوڕیانەش بە هۆی ساوابوونی تەلەفزیۆنی کوردییەوە شتێکی ئاساییە.

**عوسمان جەعفەری:** ئەمە جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشییە، بەڵام بەڕای من ئەرکی خۆیان جێبەجیَ نەکردووە، چونکە ئیمکاناتیان زۆر کەمە لەبارەی فەنییەوە، پێموایە بەو شێوەی کە دەبێت بەدوای ڕووداوەکاندا بگرین و بە شێوەیەکی زۆر زانستییانە کاربکەن وانین. کە ئەمەش دوو هۆکاری هەیە یەکەمیان لاوازبوونی باری داراییە و دووهەمیشیان کەمتەرخەمی خۆیانە. ئێمە ئێستا لە کوردستاندا ئنسانی ئەکادیمی زۆر بە توانامان هەیە کە بەداخەوە کەڵکیان لیَ وەرناگیرێت و زۆرتر ئەندامانی خۆیانن.

**کەمال کەریمی:** بەبڕوای من دەستکەوتێکی گەورە بۆ، بەڵام حزبێک کە تەلەفزیۆنێک دادەنێت بەداخەوە لەپێشدا بیر لە حزبەکەی خۆی دەکاتەوە و لە چوارچێوەی ئەوەشدا مەسەلە گشتییەکانی تر باس دەکات، پێموایە دەکرێت تەلەفزیۆنەکان لەوە زیاتر گەشەبکەن. تەلەفزیۆنێکی کوردی ئەگەر حزبیش بێت دەبێت هەوڵبدات ڕەنگدانەوەی هەمو بۆچوونەکان بێت و ئەوکات دەتوانێت کاریگەری زۆرتربێت.

بەڕاستی تەلەفزیۆن ئیمکاناتێکی زۆری دەوێت ئێمە هەتا ئێستاش کە دەستمانکردووە بە بڵاوکردنەوەی بەرنامە تەنیا و تەنیا پشتمان بە گیرفانی ئەندامەکانی حزب بووە، دیارە ئەگەر ئیمکانات هەبێت ڕەنگە ئەوەی کە کاک عوسمان باسیکرد جێبەجێبکرێت. سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتانەش پێموایە تەلەفزیۆنەکان دەورێکی زۆر باشیان هەبووە، لانی کەم خەڵکێکی زۆریان کۆکردۆتەوە و هەر ئەوەندەی کە قسە و باسەکانی شەو بە ڕۆژدا دەچنە ناو بازاڕ و ئیدارەکان و قوتابخانەکان بۆ خۆی یارمەتییەکی باشی داوە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک لەو شتانەی کە کۆماری ئیسلامی بەردەوام چەواشەی دەکات.

ئاسۆ: ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک ڕێکخراو و (NJO) و تەنانەت حزبیش دروستبوون ئایا ئەمانە نابنە کۆسپێک بۆ ئەو بەرنامانەی کە ئێوە داتانرشتووە بۆ ئەو کاتەی کە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات؟

**بەهرۆز ئەردەڵان:** دیارە کۆمەڵگەی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانییەوە جوانە، بە دیموکراتەوە بە کۆمەڵەکانەوە بە سازمانی خەباتەوە، بە یەکێتی دیموکراتەوە تەنانەت بە پژاکیشەوە جوانە و بەو هێزانەی کە ئێستا لە کوردستانی ئێران خەڵک هاندەدەن بۆ دەنگدان بەوانیشەوە جوانە، مەبەستی ئێمە ئەوە نییە بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و دەسەڵات بە دەستەوە بگرین ئێمە تەنیا لەپێناو ئامانجێکدا دروست بووین کە خزمەتە بە کۆمەڵگای کوردی و پێشموایە ئەوە جەماوەرە دیاریدەکات کیَ دەتوانێت بەڕێوەبەری ئەو کۆمەڵگایەبێت. ئێستا قۆناغەکان گۆڕاون، دونیا، دونیای مۆدێرنیتەیە و خەڵک ئەو حزبانە هەڵدەبژێرن کە بەڕاستی بەرنامەیان پێیە. ئێمە هیچ ڕێکخراوێک بە کۆسپ لە بەرانبەر خۆماندا نازانین هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی ناو ئێران پەیوەندییەکمان نییە و بە ڕەسمیشیان ناناسین و پێمانوایە تەنیا کاریان چەواشەکردنی خەڵکە.

**حەسەن ڕەحمان پەنا:** کۆمەڵگای کوردستان دەبێت وەکو هەموو کۆمەڵگاکانی تر چاوی لیَ بکرێت. کۆمەڵگایەکی چینایەتییە و زۆر ئاساییە هەر چینێک هەوڵبدات بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێک بۆ خۆی. ئێستا ئەگەر نییە هۆکارەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ناهێڵێت و ئەگەر بچووکترین هەلیان بۆ هەڵکەوێت بە دڵنیاییەوە دەڵێم بە دەیان حزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆر دروست دەبێت. ڕێکخراوی لاوان دروست دەبێت، ڕێکخراوی ژنان، ڕێکخراوی کرێکاری، حزبی سیاسی تر دروست دەبێت کە ئەمانە بە کۆسپ و دوژمنی خۆمانیان نازانین و پێمانوایە ئەمە پێویستی کۆمەڵگای ئازادە.

ئەوەیکە ئێستا لە کوردستاندا هەیە دوو بەشن، بەشێکی ئەوانەن کە سەر بە دەوڵەتن، لەوانەیە کەسانێکی باشیشیان تێدابێت، لەوانەیە پێیان وابێت لەو ڕێگایەوە دەتوانن یارمەتی مەسەلەی کوردی بکەن و یان ئەو زوڵم و زۆرە کەم دەکەنەوە، بەڵام هەر ئەوەندەی کە کۆماری ئیسلامی ئەمانەی کۆنترۆڵ کردووە و لەژێر دەستی دان و تەنانەت کاریان پێ دەکات و بەشێوەیەک هەوڵدەدات بیانکات بە بەدیلێک بۆ حزبە سەرەکییەکان بۆیە بە ڕەوتێکی پاکیان نازانین ،بەشەکەی تر (NGO)کانن کە ئەمانە سایتیان هەیە و بە ئیمکاناتێکی زۆر کەمەوە خەریکن خزمەت دەکەن و پێمانوایە شتێکی باشن کە لە کۆمەڵگای کوردستاندا دروستبوون جیاواز لەوەی کە سەر بە چ لایەنێکی سیاسییە. بەنیسبەت دوارۆژیشەوە کە گەڕاینەوە ئێمە ڕێگرییکمان بۆ هیچ حزبێک لە کوردستاندا نییە، نە لە کەسی قبوڵ دەکەین کە سنوور بۆ ئێمە دیاری بکات و نەخۆشمان سنوور بۆ کەس دادەنێین. بە بڕوای ئێمە حکومەت، حکومەتی جەماوەرە و ئەو جەماوەرەش بڕیاردەدەن بە کامێک لەو حزبانە دەنگدەدەن. دیارە هەرکات ئێمە کەوتینە ئۆپۆزسیۆنەوە ئەوکات بە زوبان و بە قەڵەم چالاکی سیاسیی خۆمان دەکەین، مەگەر زۆرمان بۆبێتن، بۆیە ئەوانە لە دوارۆژی کوردستاندا بە بەدیلی خۆمانیان نازانین.

**ڕەزا کەعبی:** لەدوای کۆماری مەهاباد حزبی دیموکرات تەنیا حزبی سیاسیی کۆمەڵگای کوردی بوو، بەڵام لەساڵی (٥٧)دا کۆمەڵە سەری هەڵدا و پێموابێت جارێکی تر ئەو سیناریۆیە دووپات نابێتەوە. من ناڵێم حزب دروست نابێت، بەڵام ئاوا زوو گەشە بکات پێموانییە دووپات بێتەوە. ئێستا بەهۆی ئینتەرنێت و سەتەلایت و تەلەفۆنی مۆبایل و هاتوچۆ دەتوانین لەگەڵ دوورترین شوێندا پەیوەندی بگرین. من زۆر شەو دانیشتوم بە یاهو میسنجەر لەگەڵ شارەکانی ئێراندا قسە دەکەم دیارە کاریگەریمان دەبێت و کاریگەریش دادەنێین.

ڕاستە لە سەقز و سنە نین، بەڵام کاریگەریمان هەیە. ئەگەر تەماشای ڕەوتی گۆڕانکارییەکان بکەین لە کوردستان ئێران، بە سآ قۆناغ تێپەڕیوە:

قۆناغی یەکەم: دەیەی ٦٠ی هەتاوی کە دەیەی شۆڕشی چەکداری بوو.

قۆناغی دووەم: دەیەی ٧٠ی هەتاوی دەیی شەکەست و پاشەکەشی چالاکیە

قۆناغی سیهم: دەیی ٨٠ی هەتاوی بەجۆرێک بۆزانەوی حزبە سیاسیەکانە هەرچەند ئینشقاقی حزبی زۆر تێدابووە.

سەبارەت بە njo کان پێموایە ئەمانە دیاردەیەکی پۆزەتیڤی کۆمەڵایەتین کە بەرای من دەبێت حزبە سیاسیەکان زۆر ژیرانە بتوانن ئەمانە بخەنە ڕێبازی سیاستەکانی خۆیانەوە کۆمەڵگای کوردستان زۆر ڕێکخراوترە لە کۆمەڵگای ساڵی ٥٧ هەتاوی، ساڵی ٥٧ بەس حزبایەتی بوو کە ئێمە ڕوومان تێدەکرد، بەڵام ئێستا وا نییە. ئێستا بەهەزاران خوێندکاری کورد هەیە لە زانکۆکانی ئێراندا، پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا گۆڕاوە، کۆمەڵگاکە زۆر ڕێکخراوتر بووە هەربویە ئەو ڕێکخراوانە بە کۆسپ نازانم و بە قازانجی حزبەکانیان دەزانم، بەڵام جیاوازیەک هەیە و کە ئەویش ئەوەیە حزبە سیاسییەکان وەک جاران ناتوانن جەماوەر بەلای خۆیان ڕابکێشن چونکە کۆمەڵگا پێویستی بە سیاستیکی تر، بە لێدوانێکی تر و بە کارێکی گەورەتر هەیە.

**کەمال کەریمی:** سەرهەڵدانی ئەو ڕێکخراوەانە پێم شتێکی سەیر نییە بەڵکو ئەویکە گرینگە و جیگای باس و لێکۆڵینەوەیە ئەویە کە براورد دەکریت ئەوان چوون سەر هەڵدەدەن و دینە میدانەوە زۆر بستراوەتەوە بەوەی کە ئەم حزبانەی ئێستا بەرنامەیان چییە بۆئەودەم.

بونموونە ئێستا کوردستانی ڕۆژهەڵات کۆمەلیک ڕێکخراوی ئیسلامی بە شێوەی ئاشکرا و نیوە ئاشکرا چالاکیان هەیە، ئەمن دەژی بوونی حزبی ئیسلامی نیم، بەلام ئەگەر ئەو حزبە ئیسلامییە ببێتە ئەو حزبە ئیسلامییانەی کە لە دەیەی ٩٠دا لە باشووری کوردستان دژایەتی بزوتنەوەی کوردیان دەکرد بەناوی ئیسلامەوە، بەبڕوای مەن ڕووبەڕووی حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەبنەوە. پێموایە گەورەترین مەترسی لەسەر داهاتی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەویکە حزبێک دروست ببێت و خوی بە خاوەنی هەموو مافەکان بزانێت و پیوانە دابنیت بۆ چالاکی حزبەکانی تر.

بویەمەن وەک حزبی دیموکراتی کوردستان جەخت دەکین لەسەر ئەویکە لە ئێستاوە دەبیت لە هەموو بووارەکاندا هابیری و هاوپیمانیمان هەبێت تاکو بتوانم بە شێوەیەکی بەرنامەبوداریژراو رووبەرووی هەموو مەسەلەکانی دووا ڕۆژ بەبینەوە.

دیارە پیشمان وایە تەنیا پیوانەیک بۆ ئەوی چ حزبێک دەتوانی دەسەلاتی بەدەستەوە بێت تەنیا رای جەماوەرە.

ئاسۆ: کاتیک سەیری بەرنامەی حزبەکان دەکەین خالّی هاوبەشی زۆر دەبینین، بەلاّم زۆر بەکەمی ئەوە بەدی کراوە کە ئەو خالّە هاوبەشانە بوبێتنە هۆکاریک بۆ لیّک نزیک بوونەوەی حزبەکان. لە هەمانکاتدا خالّە جیاوازەکان کە زۆر کەمیشن زەق کراونەتەوە و حزبەکانی لەیەک دوور خستۆتەوە ئەمە بۆ وایە؟

**عوسمان جەعفەری:** ئەمڕۆ ئەگەر سەیری ئەو ٩ حزبە سیاسییەی کوردستانی ڕۆژهەلاّت کە لە کوردستانی عیراقدان، بکەین بێجگە لە کۆمەلّەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، ستراتیژی ئەوانی تر بۆ داهاتووی کوردستان فدرالیزمە و هیچ کامیشمان چالاکی سەربازیمان نییە و جەخت لەسەر چالاکی سیاسی دەکەین، ئەی باشە بۆ ناتوانین لەگەلّ یەکدا کاری هاوبەش بەکین؟ قەناعەتت هەبیت ئەگەر ئەو ئینشقاقانە روی نەدای ئێستا ئەم شەش ڕێکخراوە لەگەلّ یەکتردا دانەدەنیشتن، چونکە پێشتر حزبی دموکرات خۆی بە خووای کوردستان دەزانی. ئێستاش حزبی دمکراتی کوردستانی ئێران هەر وابیر دەکاتەوە لەوانەیە حزبی دیموکراتی کوردستان تۆزێک ئەو بیرکردنەوەیەی وەلانابێت چونکە یەکێک لە قسەکانی ئەوەیە کە من لەبەر نەبوونی دیموکراسی هاتومەتە دەرەوە و ئینشقاقم کردووە ئەگەر ئەمڕۆ ئەو دیموکراسی بونەی خوی لە شتێکی وادا ننونیت دیارە ئەویش دەچێتە ژێر پرسیارەوە. کۆمەلّەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان (ڕەوتی ریفۆرم) ئەویش دەلێت لەبەر نەبوونی دیموکراسی ئینشقاقمان کرد هەروەها ئێمەش. کەواتە مەسەلەکە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاّت خووازی و شەڕ بۆ دەسەلاّت. ئەگەر بێتو پیوندیان لەگەلّ ئێمەدا خۆش بێت و دانمان پیابنێن، وادەزانی لایەنێکی تر لە داهاتووی کوردستاندا بەشی دەبێت و دەسەلاّتەکەی کەم دەکاتەوە.

**ڕەزا کەعبی:** لەوانەیە بەشی سەرەکی ئەم بابەتە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە فرە حزبی لە کوردستان شتێکی تازەیە و مێژوویکی وای نییە. ئەگەر سەیری شەڕە ناوخۆییەکان بکەین ئەگەینە ئەو قەناعەتەی کە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوبووە کە حزبێکی سەرەکی نەیویستووە، حزبی تر پەرەبسێنێت.

هەربۆیە هیوادارم هەموومان لە ئەزمونی کۆمەلّگاکانی پێش خۆمان و یاخود ئەو ئەزموونەی کە کۆمەلّگای جیهانی داویەتی بەدەستەوە بتوانیم ئەم قۆناغە بە عەقلّ و دیالۆگ بە پیشوازی گۆڕانکارییەکانەوە بچین.

**حەسەن ڕەحمان پەناە:** بەباوەڕی من قیاس خالەکانی ناوبەرنامە نییە، بەلّکو پراتیک کردنی ئەو بەرنامەیە. زۆر حزب هەیە لە بەرنامەدا ئاماژەی بەمافی دیاری کردنی چارەنووس کردووە، بەلاّم تاچەند باوەڕی پێیەتی و تاچەند کاری بۆدەکات؟ بۆیە پێموابێت بەرنامە زۆر ئەساس نییە بۆ لیکچوون بەلّکو پراتیکەکەیە. حزبێک کە ڕۆژ تا ئێوارە بەخۆی دەلێت حزبێکی ئیولوژیای نییە و لەهەمان کاتیشدا بەخۆی دەلێ چەپ، من چۆن باوەڕی پێبکەم؟ دەکرێت تۆ ئایدولۆژیت نەبێت، بەلاّم چەپ بیت؟ ئایا چەپ ئایدۆلۆژیا نیە؟ ئایا دین ئایدولۆژیا نیە بۆ ئەوەی کە بۆچی تەفاهووم پێکنایەت، پێموانییە هۆکارەکەی فرە حزبی بێت.

ئاخەر ئەو لایەنەی کە دەلێت ئەمریکا بێت و ڕزگارمان بکات، لەگەلّ ئەو لایەنەی کە بەهێزی خەلّک هەول دەدات بۆ ڕزگاری، چۆن دەتوانێ پێکەوە هاوکاری بکەن. لەگەلّ کەسێکدا کە پێی وایە دەبێت بەرنامەیەکی ئیسلامی دابڕێژرێت بۆ کۆمەلّگا، کە من دەلیم کوت و بندیک بووە و کۆماری ئیسلامی نیشانیدا نەک هەر بە ئێران و خۆرهەلاّتی ناوەڕاست بەلّکو بە هەموو جیهان زەرەری گەیاندووە، لەگەلّ کەسیکدا کە هەموو تەمەنی خزمەت بە مرۆڤایەتیە چۆن هاوپەیمانی دەکرێت.

ئاسۆ: حزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات یەکتر تاوانبار دەکەن کە نایەنە پێشەوە بۆ دروستکردنی بەرە، ئێوە پێتان وایە تاوانبارکێیە و بۆچی بەرە پێک نایەت؟

**حەسەن ڕەحمان پەناه:** تائەو جێگایەی پەیوەندی بە ئێمەوەهەیە وەک کۆمەڵە دیارە خاوەنی بۆچوونێکی دیاری کراوین. پێموایە دەکرێت بەرە پێکبێت و ئەزموونیش هەروامان پێدەڵێت وەک ئەزموونی ساڵی ٥٨، بەڵام چی دەیخاتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و چی نایخات. لەساڵی ٥٨ کە ئەو بەرەیە پێکهات بزوتنەوەیەکی جەماوەری لە ناوخۆی کوردستاندا لە ئارادابوو. دیارە لە خۆپیشاندانەکانی ئەو سەردەمەدا دەنگی دروشمی جەماوەر بە گوێی ئێمە دەگەیشت و نەماندەتوانی خۆمانی لێ گێل بکەین کە دەیانگوت لیژنەی نوێنەرایەتی کورد دروست بکەن، بۆیە لەسەر جوڵانەوەی واقعی و لەسەر داواکارییەکانی خەڵکی کورد دەکرێت لە دوای ئەوە کۆببینەوە و کاری بۆ بکەین کە ئەوە بە بڕوای ئێمە لە چەند خاڵەدا خۆی نیشان ئەدات.

١. هەموو لایەنێک ئەوە بە فەرمی بناسن کە دەسەڵات مافی خەڵکە.

٢. دەست نەبردن بۆ چەک لە کوردستاندا ببێتە یاسا و هەموومان ئیمزای لەسەر بکەین.

٣. بەڕەسمی ناسینی ئازادی سیاسی بۆ خەڵکی کوردستان.

٤. هەوڵدان بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەپێی بەرژەوەندی خەڵک نەک بەپێی بەرژەوەندی ئەمریکا و هێزە دەرەکییەکان.

٥. بەڕەسمی ناسینی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا. دیارە ئێمە هەم لە ساڵی ٥٧ و هەم لە ١٦ی گەلاوێژدا ئەو خەروشی جەماوەریمان بینی بۆیە پێموایە دەکرێت بەرە پێکبێت، بەڵام ئەو مەرجانەی تێدابێت. ئەگەر حزبی دیموکرات بیکات و بڵێت ئەمانە مەرجی ئێمەیە هەرئێستا ئامادەم ئیمزای بکەم.

**عوسمان جەعفەری:** پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لەمڕۆدا بەڕاستی پێویستیەکی حاشا هەڵنەگرە و ئەگەر بێت و حزبە کوردییەکان لە هەلومەرجی ئێستادا وەڵامێکی تەواو بە خەڵک نەدەنەوە پێموایە جەماوەر لە نائومێدییەکی گەورەدا دەمێنەوە و دیارە کۆماری ئیسلامیش دەتوانێت کەڵکی لێوەربگرێت. بۆ نموونە هەر ئەم دانیشتنە شەش قۆڵییە کە ئاسۆ پێکی هێناوە ئەگەر دەنگدانەوەی هەبێت و بەردەوامیش بێت ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە. من بەتەواوەتی لەگەڵ ئەو خالانەدام کە کاک حەسەن وتی و دەتوانین لە دەوری ئەو خاڵانەدا کۆببینەوە.

ڕەزا کەعبی: هەموومان ئامادەین بەرە پێک بێنین، بەڵام کۆمەڵێک مەشاکیل هەیە. کاک حەسەن هەندێک خاڵی دانا، ئەی ئەگەر وایە بۆ حزبە چەپەکان یەک ناگرنەوە. سەدان حزبی چەپ هەیە، بۆیە پێموایە قسە لەسەر داهاتە، لەسەر دەسەڵاتە و هەر ئەمانە بوونەتە کۆسپێک بۆ پێکهێنانی بەرە و ئێستا لە هەموو کاتێکی تر بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی نالەبارترە ئێمە ئینشقاقمان کردووە، حزبی دیموکرات دوولەت بووە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دانیشتمان پێ باشە. یەکێک لە گرفتەکان هەر ئەو قسەیەیە کە کاک حەسەن دەیکات واتە سنوور بۆ ئایدۆلۆژیا دادەنێن بۆیە دەبێت ئەو قۆناغە تێپەڕێنین و هەموومان دانیشین و سەرەڕای جیاوازی فیکری و سیاسی دەبێت ڕێگایەک بۆ یەکێتی و پێکهێنانی بەرەیەک بدۆزینەوە.

**شەماڵ پیران:** ئێمە هیچ کێشەیەکمان لە بەشداری هیچ کەسێکدا لە بەرە کوردستانیدا نییە و ئێستاش ئامادەین هەرکەسێک لە هەر شوێنێک کە دەیەوێت ئێمە بچین و بەرە پێکبێنین، لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکەکەماندا.

**کەمال کەریمی:** ئێستا لە هەموو کاتێک ناخۆشترە بۆ ئێمە سەبارەت بە دروستکردنی بەرە، چونکە یەکەم مەرجی دانیشتنی دوو حزب لانی کەم ناسینی یەکترە، ئێستا حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆتە دوو لەت نەک تەنیا ئەوان ئێمە نادوینن بەڵکو تەنانەت لە جەژنی قورباندا ئێمە پیمان ڕاگەیاندن کە بۆ جەژنە پیرۆزە سەردانتان دەکەین

کەچی ئەوان وڵامیان داینەوە، باشوایە نەیەن، ئەی باشە لەو بارودۆخەدا ئێوە پێتان وایە دانیشتن ئاکامی دەبێت؟ دیارە ئەو گرفتە لەنێوان برادەرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان و برادەرانی ڕەوتی ریفۆرمیشدا هەیە. ئەمە بۆخۆی سەرەتایی ترین گرفتە بۆیە ئەمساڵ نالەبارترین ساڵە بۆ پێکهێنانی بەرە.

بۆ ئەو خاڵانەی کە کاک حەسەن باسیکرد من پێم سەیرە حزبێکی سیاسی خۆی بە شۆڕشگێڕ بزانێت و ئەوانەی قبوڵ نەبێت، پێموایە هەر حزبێک ئەو شتانە بە ڕەسمی نەناسێت نەک تەنیا بیر لەوە ناکەمەوە لەگەڵیدا بچمە بەرەیەکەوە بەڵکو بە حزبی سیاسیشی نازانم، ئەوەی کە بە بڕوای من زیاتر گرنگی هەیە، قبوڵکردنی یەکترە، بیرکردنەوە لە شێوازی خەباتە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی، دەبێت ئەوەش بڵێم کە زۆر درەنگە بۆ باسکردن لە پێکهێنانی بەرە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا بەڕاستی زۆر دژوارە بەرە پێکبێت.

**بەهروز ئەردەڵان:** لە ئێستادا هیچ ئاسۆیەک بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی نابینم، بەڵام ئێمە وەک سازمانی خەبات پێکهێنانی بەرە وەک هەنگاوێکی گرنگ پێناسە دەکین.

ئاسۆ: تکایە دووا وتەتان چییە بی فەرموون؟

**کەمال کەریمی:** لە کۆتایشدا دیسان سوپاسی ڕۆژنامەی ئاسۆ و جەنابیشت دەکەم بۆئەوەی کە ئاوا پێکەوە کۆبوینەوە دیارە دانیشتن و پێکەوە بوونمان زۆر غەریب نییە و بەردەوام یەکترمان دیتووە و قسەمان کردووە، بەڵام زۆرتر دوو قۆڵی بووە ئەمە یەکەم جارە کە ئاوا هەموومان پێکەوە دانیشتن بکەین. بەڕاستی من کە کەڵکی زۆرم لەم دانیشتنە وەرگرت دڵنیام ئەم دانیشتنە قازانجی زۆری دەبێت، جارێکی تریش سوپاس بۆ میوانداری ئاسۆ بوَ تۆش کاک کاوان.

**عوسمان جەعفەری:** بەڕاستی ئەم کارەی کە ئاسۆ کردی تازەگەرییەکە کە پێشتر نەکراوە و جێگەی دڵخۆشییە و جارێکی تر سوپاستان دەکەم.

**ڕەزا کەعبی:** منیش وەک هەموو زۆر سوپاسی جەنابت و ڕۆژنامەی ئاسۆ دەکەم بەڕاستی زەحمەتتان کێشاوە و دانیشتنەکەشمان زۆر دۆستانە بوو پێموایە ئەم دانیشتنە خاڵی پۆزەتیڤی زۆر تێدایە، پێموایە ڕۆژنامەی ئاسۆ بەم هەنگاوەی کە بەڕاستی نوێیە دەیەوێت کلتووری نوێ واتە کلتووری یەکتر قبوڵکردن بباتە ناو کۆمەڵگاوە و پێیشموایە لێدەکات.

**سەرچاوە:**

**ئاسۆ ژمارە ٧٠٢ ـ ڕۆژی یەکشەمبە ٢٧، ٠٤، ٢٠٠٨**